# تیجارەتی سیکسی منداڵان

راپۆرتی «گورووپی ئایەندە» لە بازاری سیکس لە ئاسیای جنووبی رۆژهەڵات
وەرگێر: عوسمان رەحمانی

لە دنیای ئێستادا یاسای دارستان حاکمە. یاسای دارستان یانی ئەوەیکە زۆردارانی کۆمەڵگا یانی دەوڵەمەندان و سەرمایەداران بە یارمەتی روناکبیرانی خۆیان یاسای بازار، یاسای ناردن و داخواز دەنووسن و پاشان دەبنە کویلەی ئاوا پێوەندیەک، چوونک بە باشی دەزانن کە کەڵەکە کردنی سەروەت و سامانی ئەوان هەر لەم ئیمامزادەیە دا نووستەوە.

قوربانیانی سەرمایەداران بە زۆری چین و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگان. لە رێگای ئەم بازنە لاوازانەی کۆمەڵگاوەیە کە سەرمایەداران سامان پێکەوە دەنێن و دەسەڵات وەدەست دێنن. ئەگەر کۆمەڵێک رێکخراو نەبوونایە کە دیفاع لە عەداڵەتی کۆمەڵایتی و دابەشکردنی عادڵانەی سامان دەکەن، لە گەڵ کۆمەڵگایەکی تاریکتر لەوەی کە هەیە بەرەورو دەبووین.

جێای خۆشحاڵیە کە لە کۆمەڵگای ئێستادا، رێکخراوە و یەکیەتی کرێکاریمان هەیە کە دیفاع لە مافی توێژە زەحمەتکێشەکان دەکەن و لە ململانێی رۆژانەیان دا بەرانبەر بە تاڵانچیانی سامانی کۆمەڵگا رادەوەستن. بەڵام بۆ یەکێک لە لاوازترین توێژەکانی کۆمەڵگا یانی منداڵان هێشتا رێکخراوی پشتگریی زۆر کەممان هەیە. منداڵان قوربانیانی هەر رۆژەی بازارن، منداڵان زیانپەزێرترین توێژە کۆمەڵایەتیەکانن. چونکە مافی ئینسانی یان لەبەر چاو ناگیرێت و ئیهمال دەکرێن. لەم رووەوەیە کە بە پێی ئاماری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و یان رێکخراوە غەیری ئینتفاعیەکان کە بۆ مافی منداڵان خەبات دەکەن، هەژاری بۆ منداڵانی ئاسیا، ئافریقا و تەنانەت برێک لە

وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکایی بێداد دەکا. هەرچەندە یونیسیف یانی سندووقی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ منداڵان کۆمەڵێک یاسای بە سوودی لە بابەت لەش ساغی و ژیانی باشتری منداڵان، قەدەغە بوونی سووئیستفادەی جنسی لە منداڵان، دەخاڵەت دانی منداڵان لە کاروباری کۆمەڵایەتی خۆیان و قەدەغە بوونی کاری منداڵان و هتد، بە پەسەند کردنی زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی گەیاندووە، بەڵام لە کردەوەدا بە هۆی ئەوەیکە بازار دووایین بریار دەرە لە وڵاتانی سەرمایەداری دا، ئەم یاسایانە یان بە شێوەی ناتەواو بەڕێوە دەچن و یان هەر بەڕێوە ناچن. هێشتا هەموو ساڵێک ١٢/٥ میلیون منداڵی جیهان بەر لەوەی ببنە ٥ ساڵ دەمرن. بە پێی ئاماری یونیسیف ٩ میلیون لەو منداڵانە بە هۆی نەخۆشی زۆر سادەوە کە بە ئاسانی دەرمان دەکرێ لەبەین دەچن. منداڵان بە هۆی هەژاریی بنەماڵەکانیان ناچارن لە تەمەنی ٦ ساڵی دا دەست بدەنە کاری سەختی جسمی و غەیری لەش ساغی. هەر ئێستا پاش هێرشی ئەمپریالیستیی ئامریکا بۆ عێراق، بە هۆی بێکاری گەورەکان، منداڵانی تەمەن ژێر ٦ ساڵ کێشراونەتە ژێر کاری کۆیلەتی. ئەمرۆ لە ئەفغانستان منداڵان بۆ بڵاو کردنەوەی مەوادی موخەدر بەکار دەهێنن. ئەمرۆ برێک لە دەوڵەتەکان بۆ ڕاکێشانی توریستە پارەدارەکان بۆ وڵاتەکانیان چاویان لە بازاری تیجارەتی سیکسی منداڵان دەقووجێنن. ئەمرۆژە ڕێژەی منداڵنی تووش بوو بە نەخوشیەکانی پێکەوە خەوتن و ئەیدز لە رادە بەدەر لە زیاد بوون دایە. ئەمرۆ منداڵانی هەژار و نیوە هەژار ئەو کۆیلانەن کە دەبێ وەک مۆم بسووتێن تا زێری زیاتر بە زێری خاوەن زێرەکان زیاد بکەن. چەوساندنەوەی منداڵان لە پر قازانجترین و کەم خەرجترین هێزی کارە لە جیهانی سەرمایەداری دا. هەژاریی بێ وێنە لە جیهاندا منداڵانی بەرەو تیجارەتی سیکس ڕاکێشاوە. بە پێی ئەو ئامارانەی لەبەر دەست دان، ئەم تیجارەتە لە پر داهاتترین بەشەکانی تیجارەتە لە جیهانی ئەمرۆدا.

لێرەدا تەرجومەی راپورتێک دەخەمە بەردەستان لە گوروپێک بە ناوی «گوروپی ئایەندە» کە ناوەندەکەی لە کالگری کانادایە و ئەرکی خۆی بە خەبات کردن لە دژی تیجارەتی سیکسی منداڵان راگەیاندووە- بۆ ئەوەی توانیبێتم بە زانیاری خەڵکێک کە

دەیانەوێ دیفاع لە منداڵان بکەن زیاد بکەم. هەرچەندە ئەم راپورتە تایبەتە بە وڵاتانی جنووبی رۆژهەڵاتی ئاسیا، بەڵام ناوەرۆکەکەی جیهانیە، یانی ئەوەیکە لە بابەت کۆیلەکانی سیکسەوە کۆماری ئیسلامیش دەگرێتەوە. هەر ئەوەندە بەستە کە ناوی کامبوج لابەین و ناوی کۆماری ئیسلامی پێ زیاد بکەین کە دەقاودەق و بێ کەم و زیاد لەگەڵی دێتەوە.

ئەم راپۆرتە لە لایان «گوروپی ئایەندە» لە مانگی سپتامبری ۲۰۰۳ ئامادە کراوە.

«نیوە شەو تێپەریووە. بە چاڵوچۆڵیەکانی جادەیەکی خاکی بە ناو Svay Paf دا کە بەناوبانگترین خانووەکانی فروشەرانی سیکسی لە خۆ گرتووە، تێدەپەرین. هیچ چرایەک لە شەقام دا نابینرێت، تەنیاترووسکایی یەک لە عیبادەتگایەکی بوودایی کە بە نووری لەرزانی مۆمێک روونە دەدا لە چاو. سەیرە لەم شەوە گەرمەی هاوین دا ئەم جادەیە مردووە. لەبەر خۆمەوە وابیر دەکەمەوە کە لەوانەیە دەوڵەتی کامبوج توانیویەتی تورەکانی تیجارەتی سیکی منداڵان لەناو بەرێ. چوونکە لە مانگی مارسی رابوردوو دا دەستی دابووە تەعتیل کردنی ۵۰ خانووی فروشەرانی سیکسی منداڵان. ئوتومبیلەکەمان بەرەولای راست دەسوورێ و سەرەولێژی جادەیەکی چاڵاوی تێپەر دەکا و راست هەر لێرە دایە کە ئێمە لە گەڵ گەلێک حەقیقەتی تەکاندەر ئاشنا دەبین. شوێنێک کە ئێمە دەچینە ناوی لە گاراژێک دەچێ. بەڵام لە راستی دا یەکێک لە خانووەکانی فرۆشی سیکسی منداڵانە. پرە لە کچانی لاو بە بەرگی تەسک و لێوانی ماتیک لێدراو بە رەنگی روون.

هیچکامیان لە ۱۴ ساڵ تێناپەرن. بەڵام ئەدا و ئیتواری کچێکی بە تەجرەبەی ناو بازار دەردێنن. لێوەکانیان دەلێسنەوە و مەمکۆڵە چکۆلەکانیان قوت دەکەنەوە. مێرمنداڵێکی کور لەوانەیە ۱۰ساڵان بێت کە هیچ کراسێکی لەبەر نیە دێتە پێش و بە ئیشارەی دەست پێم دەڵێ شووشەی ئوتومبیلەکە بهێنمە خوارەوە. ئەم کورە کە ئینگلیسیەکی سەروپێ شکاو قسە دەکا دەپرسێ «کچتان دەوێ»؟

Mayumdar ئەندامی دەستەی بەرپرسانی «گوروپی ئایەندە» نیوەی لەشی لە

وتومبیلەکە دەباتە دەر و دەڵێ کەچانی منداڵتر لەوانەی دەوێ کە لەوێن. بەم کارەی دەیەویست پێمی بسەلمێنێ کە کچانی تەنانەت ۴ سالانیش بۆ سیکس لەوێ هەیە. گەوادەکانیان، دەیانشارنەوە تا لە هێرشی پولیس پارێزراوبن. ئەم کورە منداڵە پاش قسە کردن لەگەڵ سەرپەرەستی عەبووسی ئەم خانووە، بە رێگایەکی باریک دا رێنوێنیمان دەکا بەرە و ژوورێکی بچووک. لەم ژوورەدا کورسیەکی ئاسنینی کۆنە و دۆشەکەیەکی چڵکن دەکەوێتە بەر چاو. لە چاوترووکانێک دا دوو کچۆڵە کە دەڵێن ٦ و ٨ ساڵانەن لە دەرگای ژوورەکە دەردەکەون. ئەم کچانە بیجامەی تەنکیان لەبەرە و بەردەوام دەست بە چاوەکانیان دا دێنن تا خەو لە چاویان بپەرێ. سەرەتا کچەکان بێدەنگ و جیددی پاڵ پێکەوە دەدەن. گەوادەکە مشتێک لە پشتی یەکێکیان دەدا و کچەکە بە شێوەیەکی نیان و بە بێ هێچ هەستێک دەست دەکا بە ناز و عیشووە لەگەڵ Mayumdar. کچە ٦ ساڵانەکە لە حاڵێکدا کە دەلەرزێ بە پچە دەڵێ Boom Boom نا، تەنیا Nagam Nagam کە بە زمانی عامیانەی ویتنامی مانای سیکسە بە دەم . کاتێک کە وێنەگری گوروپەکە دەیەویست وێنە بگرێ، گەواد و پارێزەرەکەی چەکیان لێمان رادەکێشا. چوونکە پێی وابوو کە Mayumdar و وێنەگرەکە پیاوی نهێنی پولیسن. ئەم دووانە خێرا بیرێک دەکەوێتە مێشکیان و دەڵێن کە وێنەکانمان بۆ کومپانیە توریستیەکەمان دەوێ کە لە تایلەندە و رێکلامی سیکسی دەدەن بە مشتەریەکان. ئەم فێڵە کاری خۆی دەکا و خەتەر تەواو دەبێ.

کوروپەکەمان دەچێت بۆ کولوپێکی شەوانە بە ناوی مارتینی پاپ لە ناوەراستی شاری Phnom Penh. تەقریبەن ۳ ساڵ لەوە پێش سەرۆک وەزیری کامبوج فەرمانی داخستنی تەواوی کولوپەکانی شەوانەی دەرکرد کە ناوەندی فرۆشی سکسی منداڵان بوون. بەڵام ئەم فەرمانە زۆری نەخایاند و ئەمرۆ کولوپەکان پر بوون لە توریستی ئوروپایی، ئاسیایی و ئامریکایی. ئێمە لە کولوپی مارتینی بینیمان کە پیاوێکی قژ خۆڵەمێشیی قەڵەوی ئوروپایی، کاتێک کە ۴ کچۆڵە لە لاقەکانی ئاڵا بوون بە لارەلار بەرەو هوتێلێکی لوکس دەروی بەرانبەر بە کولوپەکە.

بە پێی ئاماری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەیان هەزار منداڵ بەرەو سیکسی

ناچاری پاڵ پێوه نراون. له تایله ند، کامبوج، ئێران و زۆر وولاتی دیکه هه ژاری منداڵانای ناچار کردووه که بچنه ناو توری تیجاره تی جیهانیی سیکسی منداڵان. فرۆشی سیکس له کامبوج ساڵی ۱۹۹۰ ده ستی پێکرد، کاتێک که ده یانه ویست ده سه لات له خومره کانی سووره وه بۆ حیزبی خه ڵک بگوێزنه وه. بۆ ئه م ئاڵوگۆره حکوومه تیه، سه ربازانی ئاشتیی ڕێکخراوی نه ته وه یه کگرتووه کان له م وولاته جێگیر بوون. ئه م سه ربازانه بره ویان به فرۆشی سیکسی منداڵان دا. چوونکه پاره یه کی زۆریان بۆ سیکس سه رف ده کرد و بنه ماڵه هه ژاره کانیان هان ده دا که منداڵه کانیان بۆ سیکس بفرۆشن. ده ڵێن که ئه مرۆکه ۲۰٫۰۰۰ که س له کرێکارانی سیکس له م وڵاته له ژێر ۱۵ ساڵ دان.

ئێمه خۆمان شاهێد بووین که پیاوان زه وقی زۆریان بۆ کچانی باکره نیشان ده دا و بۆ وه ده ست هێنانی منداڵانی کچ پاره ی فراوان سه رف ده که ن. هه ر بۆیه خاوه نانی توره کانی تیجاره تی سیکس منداڵان ناچار ده که ن که په رده ی کچێنی یان له ده ست بده ن و له لایه کی تره وه ناچاریان ده که ن که عه مه لیاتی دروونه وه ی په رده که یان بکه ن، چوونکه قیمه تی کچی په رده دار زۆر له سه ره.

یه کێک له ده روون ناسانی کانادایی به ناوی Beth Hedua که له بابه ت فرۆشی سیکسی منداڵان کۆمه ڵێک لێکوڵینه وه ی کردووه ده ڵێ: «به رێک له پیاوان سه روپێی خۆیان ناناسن کاتێک له گه ڵ کچێک دا ده خه ون. چوونکه پێیان وایه یه که مین که سن که نه ریتی پێکه وه خه وتن فێری ئه م کچانه ده که ن و تووشی هه یه جان ده بن.»

له راستی دا بنه ماڵه هه ژاره کان میوانداری ئاوا که سانێکن. کاتێک که له زۆربه ی وولاتان دا داهاتی سه رانه ۳۵۰ دولاره و یان که متره زۆر روونه که دایک و باوک و یان دوستانی ئه وانه لاوازترین بازنه ی بنه ماڵه یی یانی منداڵان ده که نه قوربانیی بازار.

لێره دا خراپ نیه گوێ بده ینه قسه کانی برێک له م منداڵه قوربانیانه.

له رۆژێکی هه تاوی و گه رم دا سه ر له یه کێک له دامه زراوه کانی وه ده ست هێنانه وه ی سه لامه تی منداڵانی له ش فرۆش ئه ده ین که به یارمه تی دامه زراوه یه کی دژی

تیجاره تی سیکسی منداڵان له فه‌رانسه و کامبوج دامه‌زراوه. له‌وێ له‌گه‌ڵ کچێک ئاشنا ده‌بین که له ته‌مه‌نی ١٠ساڵی دا به هۆی هه‌ژاریی بنه‌ماڵه‌که‌ی ته‌حویلی هه‌تیوخانه ده‌درێ. ئه‌و کچه ده‌ڵێ سێ رۆژ پاش هاتنم بۆ ئه‌و خانووه ئامریکایی‌یه‌ک که خۆی به Scott ناساند، به به‌رپرسی هه‌تیوخانه‌که‌ی ووت که ده‌یهه‌وێ من به منداڵی خۆی قبووڵ بکا. من پێم خۆش نه‌بوو له‌گه‌ڵی بروم. به‌ڵام ئه‌و پێمی ووت که له‌گه‌ڵ خۆی ده‌مبا بۆ ئامریکا، جێگایه‌ک که بیستبووم شوێنێکی خۆشه. به‌رپرسانی هه‌تیوخانه‌که به‌ڵگه‌کانی Scott یان ته‌ماشا نه‌کردبوو و له راستی دا منیان به‌م پیاوه ئامریکایی‌یه فرۆشت. وادیاره له‌م نێوانه‌دا ئه‌مانیش پاره‌یه‌کیان ده‌ستکه‌وت. له رێگا دا Scott ی ئامریکایی به منی ووت که ئاسانترین کار بۆ ئه‌و ئه‌وه‌یه که من به ناوی زرکچ وه‌رم بگرێ نه‌ک منداڵی خۆی. ئه‌مه‌ش ده‌کرێ ئه‌گه‌ر من ببمه ١٨ساڵ. Scott که ٣٠ ساڵی بوو له شاری Sihanokville ماموستای زمانی ئینگلیسی بوو. ساڵێک له ماڵی Scott بووم تا شه‌وێک ده‌ستدرێژی کرده سه‌رم و له‌و کاته به‌دواوه بوو که بوومه کۆیله‌ی جنسی ئه‌و. ئه‌و هه‌ره‌شه‌ی کوشتنی لێم کرد ئه‌گه‌ر بمه‌وێ هه‌ڵێم. بۆ ماوه‌ی دوو ساڵ ئه‌م بارودۆخه توندوتیژیه‌م ته‌حه‌مول کرد تا ئاخره‌که‌ی له ماڵه‌که‌ی هه‌ڵهاتم. له شاری Sihanokville ده‌ستم کرد به سوواڵ کردن تا ئه‌وه‌یکه که‌وتمه چنگی قاچاخچیانی سیکس و له یه‌کێک له خانووه‌کانی فرۆشی سیکسی منداڵان سه‌رم ده‌رهێنا. مانگێک پێش ئه‌و خانووه که‌وته به‌ر په‌لاماری پولیس و منیان نارد بۆ ئه‌م ناوه‌نده‌ی فێر کردن. ئه‌و ده‌ڵێ شه‌رم ده‌کا بگه‌رێته‌وه بۆ لای بنه‌ماڵه‌که‌ی چوونکه به «کچێکی رسووای» داده‌نێن.

له‌م ناوه‌نده دا له گه‌ڵ کچێکی ١٣ساڵ ئاشنا بووین. ئه‌و ده‌یگێرێته‌وه که هه‌ر ئه‌م ساڵ له لایه‌ن ژنێکی خه‌ڵکی دێهاته‌که‌ی خۆیان فرۆشراوه به خانوویه‌کی فرۆشی سیکسی منداڵان. ئه‌م ژنه پێمی ووت که له قاوه‌خانه‌یه‌ک کاری بۆم په‌یدا کردووه. فریومی داو فرۆشتمی به ٥٠٠ دولار. من کچ بووم و له رۆژی یه‌که‌م دا له‌گه‌ڵ ٣ پیاو خه‌وتم. پاش حه‌فته‌یه‌ک ٢ پیاوی ئوروپایی بۆ ماوه‌ی ١۴ رۆژ به کرێمیان گرت. کاری من ئه‌وه بوو که له‌گه‌ڵیان برۆم بۆ ره‌ستووران و کولوپی شه‌وانه و له‌م به‌ینانه‌دا له‌گه‌ڵیان

بخەوم. هەموو رۆژێک بەیانیان کە لە خەو هەلدەستام مەرگی خۆمم بە ئاوات دەخواست.

گورووپی ئێمە لەو باوەرە دایە کە ئەم کچە بەم وەزعەوە نەیدەتوانی لەو شوێنە گیان بەدەر بەرێ. ئاستی میانگینی تەمەنی ژنانی کامبوجی **٥٦** ساڵە و تەمەنی کچانی فرۆشراوی سیکس نیوەی ئەمەیە. لەوەیدا کە زۆربەی فرۆشراوانی سیکس لەبەر تووش بوون بە نەخۆشیەکانی وەک ئایدز تاقیکردنەوەی خوێنیان لەسەر ناکرێ، ئاستی میانگینی تەمەن دەتوانێ لەمەش کەمتر بێ. ئامار و رێژەی رەسمی دەڵێ کە ٢٠٪ی لەش فرۆشان منداڵی HIV ی موسبەتن بەڵام ئاماری غەیری رەسمی زیاتر لەوەیە.

لەگەڵ برێک لە کچەکان کە قسەمان دەکرد پێیان خۆش بوو کە هەرچی زووتر بگەرێنەوە بۆ شوێنی لەدایک بوونیان. بەڵام نەیاندەتوانی. چوونکە هێچ بەڵگەیەکی پێناسیان نەبوو. ئەوان بە زۆری قاچاخ کرابوون و لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر ناردراون. تەواوی ئەو دەردانەی کە ئەم منداڵانە دەیکێشن ئەوەیە کە گیرودەی موخەدرات بوون. ئێمە شاهێد بووین کە زۆربەی منداڵان بۆ لەبیر بردنەوەی ئازارەکانیان حەبی Methamhetamin بەکار دێنن. زۆربەیان دەڵێن کە کۆی ئازارەکانی پێکهاتوو لە هەژاری، بێ خانە و لانەیی، موخەدرات و نەخۆشی وەک خۆرکە رۆحیان دەخوا. ئێستا دەبینن کە بازاری ئازادی تیجارەت و سەرمایە چ بڵایەکی بەسەریان دا هێناوە.